١

دوكتور عبدالستار تاهر شەريف
زانكۆی –كەركوك

سيستەمی فيدرالی كوردستانی خوارو بەرەو كوێ ئەڕوا ؟

مەسەلەيێكی عەرەبی كۆن هەيە ئەڵێ (وعند جهينة الخبر اليقين )كەواتە هەواڵی ڕاست لای جوهەينەيە .

مەبەست لەم وتەيە زانينی ڕاستی ڕوداوێكە ، سەرچاوەكەی ئەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوێك ، گوايا كابرايێك بە ناوی " الحصين الغطفانی "لەگەڵ پياوێك لە پياوەكانی " بنی جهينة "دەرئەچنە دەرەوە ، ناوی " الأخنس " كوڕی كەعب بوو ، . ئەم دوو پياوە هەردووكيان زوۆردار و غەددار بوون ، لە ڕێگا تووشی پياوێك ئەبن لە نەوەی " لخم"ئەم پياوە لە ماڵەوە خواردەمەنیو خواردنەوەی لەبەردەم بوو . داوای لێيانكرد مێوانداری بكەن ، ئەوانيش مێوانداريیەكەيان قەبوڵكرد و لەگەڵيا بەشداربوون لە لە خواردن و خواردنەوەكەی ، پاشان " الأخنس" چووە دەرەوە بۆ هەندێ كاری خوێ ، كە گەڕايەوە سەيريكرد "اللخمی " لە خوين خوێ ئەگەوزێ ، بە " الحصين" ی وت : " ويحك" چۆن ئەم غەدرەت لەىم پياوە كرد كە مێوانداريمانی كرد ؟ ئەويش لە وەلامدا پێیوت : " دانيشە ئەی ئێمە بۆ ئەم كارە دەرنەچووينە؟ "پاشان هەردووكيان بەردەوامبوون لەسەر خواردنەكەيان و لە كاتی نان خواردنەكەيان " الحصين" خەريكی غافلاندنی هاورێكەی بوو ، بۆ ئەوەی زەفەری پێ بەرێ ، " جهنی " لە مەرامی گەيشت ، دوای يەك سەعات "جهنی" پێی وت : ئەی برا ، تۆ هيچ لە تەيرو تواڵ ئەزانی ؟ ئەويش وتی ، يەعنی چی؟ ئەويش وتی ئەو بازە چی ئەڵێ ؟ ئەويش وتی كوا ئەو بازە لە كوێيە ؟ وتی ئەوەتا ، ئەويش سەری هەڵبڕی بەرەو ئاسمان ، ئەوەبوو " الجهنی" يش شمشێرەكەی لە بيناقای توندكرد و وتی : من كۆتربازو بكوژم . بەم كارەشی ئەوەی لە هەردوو كوژراوەكان مايەوە بۆ خوێ بردی و بەرێ كەوت و تووشی قەومێ بوو لە " قيس" و ئافرەتێك تووشی بوو ، بە ئافرەتەكەی وت تۆ كێی؟ وتی من " صخره" م ژنی " الحصين الغطفانی" م ئەويش وەڵامی دايەوە ، وتی :

لە حصين پرسيار ئەكەی لە هەموو قافڵەيێك وەڵامی ڕاست لای جوهەيێنەيە
تسائل عن أبيها كل ركب وعند جهينة الخبر اليقين

ئەمە پێشەكيێك بوو ئاماژەم پێی كرد پێش ئەوەی بچمە ناو بابەتەكەمەوە و پاشان لەگەڵ يەكتری گريان ئەدەمەوە.

پۆل بريمەر فەرمانڕەوای ئەمريكی لە عيراق ، سيستەمی فيدرالی كوردستانی عێراقی بە سيستەمێكی گونجاو دانا، لە وتەيێكی دا وتی هيچ دژايەتيێك لە نێوان فيدراليزم و يەكپارچەيی خاكی عيراق دا نييە ، بەلام دەربارەی كەركوك كە ببەسترێتەوە بە هەرێمی فيدرالی كوردستان ، ئەم مەسەلەيەی بەستەوە بە كاتی دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عيراق . بريمەر ئەم قسانەی لە ديدارێكی تەلەفزيونی عيراق دا كرد ، دوای گەڕانەوەی لە سەفەرەكەی بۆ ئەمريكا و چاوپێكەوتنەكانی لەگەڵ سەرەك كۆماری ئەمريكا دەبليو بۆش ، هەروەها ئاماژەی بە چەند نموونەيێكی فيدرالی كرد لە جيهاندا وەك هيندستان و ئەڵمانياو سويسرا ، ئاماژەشی بەوەكرد كەوا خوێ ئەمريكييە و ئەمريكاش وڵاتێكی فيدرالييە ، لە

دوا وتەی وتی " دڵنیام کە شێوازێك ئەدۆزینەوە بۆ کۆکردنەوەی فیدرالیزم و یەکپارچەیی عیراق لە یەك سیستەمدا ."

پۆل بریمەر وای نیشاندا کە حوکمی فیدرالی لەسەر بنەمای جوگرافی لە چوارچێوەی عیراقێکی یەکگرتوو دا بدرێ بە کوردەکان ، بەڵام ئەم فیدرالیەتە لەسەر ئەساسی ئیپنیك ethnic و تایفەگەری ڕەتکردەوە .

ئەم بۆچوونەی بریمەر دەربارەی فیدرالییەتی کوردستانی عیراق و دواخستنی بەستنەوەی کەرکوك بەم فیدرالییەتەوە بۆ دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عیراق ، ئەم دواخستنە دژ بە ئارەزووەکانی گەلی کوردە لە کوردستانی عیراق و پێویست نەبوو بریمەر وەك فەرمانڕەوایێکی مەدەنی ئەمریکا یی لە عیراق هەمان ڕێبازی شوفێنیزمە عەرەبەکان بگریتەبەر ، کە پێش ئەو لە عیراقدا لە ساڵی ۱۹۲۱ تا ئەو ڕۆژەی حوکمڕانێتی حیزبی بەعسی فاشست و دیکتاۆر صدام حسین ڕووخا ، هەمیشە دەربارەی مەسەلەی کەرکوك لە هەموو گفتوگۆکانی نێوان حوکومەتەکانی یەك لە دوای یەکی عیراق و نوێنەرانی گەلی کورد ، داوایان ئەکرد مەسەلەی کەرکوك دوابخرێ بۆ دوای ڕاپرسەکان ، یان لە بنەڕەتەوە باسی شاری کەرکوك نەکرێ ، نەك پارێزگای کەرکوك . خۆ صدام حسین لە دوا گفتوگۆی لەگەڵ خوالێخۆشبو بارزانی مستەفا دەربارەی شاری کەرکوك لە دواگفتوگۆکەیان پێش دەستپێکر دنەوەی شەڕ لە ئازاری ۱۹۷٤ ، صدام حسین بە بارزانی وت ، ئێمە ڕازین خرِی خاسە سنوور بێ لە نێوان حوکمی زاتی و حکومەتی مەرکەزی، لای ڕۆژ ئاوای خرِ خاسە بدرێتە عیراق و لای ڕۆژهەڵاتیش بدرێتە حوکمی زاتی ، وەڵامی بارزانی ئەوەبوو ، بە صدام حوسینی وت: کەرکوك کوردستانەو شاری کوردانە ، من شاری کوردان ناکەمە دوو بەشەوە . ئەوەبوو گفتوگۆکەیان تیکچوو ، شەڕدەستی پێکردەوە.

هەروەها لە گفتوگۆکەی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی مام جەلال لە سالی ۱۹۸٤ دووبارە لەسەر کەرکوك تێکچوون و شەڕ دەستی پێکردەوە .

ئاماژەم بۆ ئەم چەند نموونانە کرد دەربارەی یاری و گەمەکانی حکومەتەکانی عیراق و هەوڵدانیان بۆ هەڵخەڵەتاندنی گەلی کورد لە کوردستانی عیراق بە ناوی پاراستنی یەکێتی خاکی عیراق و برایەتی کوردو عەرەبو شەریکایەتی کوردو عەرەب لە عیراق دا ، ئەو برایەتیەو شەریکایەتیەی ، هەموو شتێ بۆ عەرەبەکانی عیراق و هیچیش بۆ کوردەکان، عەرەب وتەنی:" ترید غزال اخذ أرنب ، ترید أرنب اخذ أرنب" کەواتە ئەگەر ئاسکەت ئەوێ فەرموو کەرویشك بەرە ، ئەگەر کەروێشکت ئەوێ فەرموو کەروێشك بەرە.

گەلی کورد تا ساڵی ۱۹٦۳ قوربانییەکانی نا گەیشتە هەزار شەهید ، کە ئەو سەردەمە قایل نەبوو بەوەی شاری کەرکوك لە کوردستان دابڕبکرێ و بەردەوامبوو لە خەبات و شۆڕشەکانی دژی حکومەتەکانی عیراق و بەهەزارەها قوربانی دای . ئایا ئێستا دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە چڵ ساڵ بەسەر داوا ڕەواکانی بۆ مافی چارەنووسی خۆی ، کە ئێستا خۆی لە کوردستانێکی ئازادی فیدرالی ئەنوێنێ ، ئەبێ چۆن مامڵە لەگەڵ بۆچوونەکانی بریمەر و هەندێ لە ئەندامانی ئەنجومەنی ئینتقالی حوکمی عیراق چۆن بێ، دوای پەشیمانبوونەوەو پاشگەزبوومەوەیان لە بڕیارەکانی کۆنفرانسەکانی صلاح الدین ولندن، وا بزانم تەنها ئەم ئەم وەڵامدانەوەیە لە ئەنجامی ئەو ڕاپرسییەوە –ریفراندۆم- دوە دێ کە خەڵکی

کوردستان خۆیان بڕیاری لەسەر ئەدەن نەك تەنها بۆ فیدرالی کوردستانی عێراق بە پارێزگای کەرکوکەوە لە چوارچێوەی عیراقێکی یەکگرتوو ، یان نەمانەوە لە چوارچێوەی عیراق و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ.دوای ڕاپرسەکەش هیچ لایەنێك لە پارت و سەرکردەکانی گەلی کورد ئەو دەسەڵاتەو مافەیان نامێنێ مامڵە لەسەر دواڕۆژی سەربەخۆیی کوردستان بکەن ، بەتایبەتی ئەگەر گەلی کورد توانی قەناعەت بە ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان بکا بە ئەنجامدانی ئەم ڕیفراندۆمە . ئەو کاتە یەکێ لە ئەرکە پیرۆزەکانی سەرشانی سەرکردایەتی گەلی کورد و هەموو لایەنی سیاسییەکانی کوردستان ئەویە ئەنجامەکانی ڕیفراندۆمەکە بسەلمێنن و جێبە جێی بکەن. خۆ ئەگەر ئەنجامەکەی بەستنەوەی کوردستانی فیدرالی جوگرافی بە کەرکوك و هەموو ناوچە ئازادکراوەکانی دوای پرۆسەی ئازادی عیراق ، بە دەوڵەتی عیراقێکی دیموکراتی فیدرالییەوە بی ، ئەوە پێویستە دەوڵەتی ئەمریکا دوای نەمانی پۆل بریمەر وەك وڵاتێکی دیموکراتی خواز و دولەتێکی فیدرالی ، ئارەزووەکان و بڕیارەکانی گەلی کورد ڕەت نەکاتەوەو ڕێزی لێبگرێ و پاڵپشتی لێ بکا ، هەرچەندە لەو باوەڕە نییم کاربەدەستانی ئەمریکا هیچ حیسابێك بۆ بۆچوونەکانی برێمەر بکا دەربارەی دواڕۆژی کەرکوك بەتایبەتی کە دوای گەڕانەوەی برێمەر بۆ ئەمریکا، مەلەفی ملیونەها دۆلاری دزیتی دەرکەوت ، کە لەو ماوە کورتەی لە عیراق بوو لووشی کردبوو و کە ئیستا جێگای لێکۆلینەوەیە . لە لایەکی ترەوە پاڵپشتیکردنی ئەمریکا لە سیستەمی فیدرالی کوردستان بە پارێزگای کەرکوکەوە لەگەڵ ناوچە تازە ئازادکراوەکان لە عیراقێکی دیموکراتی فیدرالی یەکگرتوودا لە بەرژەوەندی ئەمریکا و پاراستنی ئاسایشیﻧەتەوەییەتی لە ناوچەکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست . بە هەرحاڵ خۆ ئەگەر ئەنجامی ڕیفراندۆمەکە بەوە بگا کە کوردستان لە عیراق جیابێتەوە ، یان زوربەی زۆری دانیشتوانی کوردستان لەگەڵ جیابوونەوەبن و نەیانەوێ لەگەڵ عەرەب پێکەوە بژێن ، ئەوە یەکێ لە هۆیە سەرەکییەکانی ئەو ئەنجامە عەرەبەکانە لە عیراق نەك ئێمەی کورد ، لەبەر ئەوەی ئەوان نایانەوێ شەریکایەتییەکەی نێوان کورد و عەرەب لەسەر بنەڕەتێکی عادیلانە بێ ، بەڵکو ئەبێ گەلی کورد هەمیشە بە بەشخوراوی بمێنێتەوە ، وشەی " گەلی کورد وەك هەموو گەلانی دونیا مافی چارەنووسی خۆی هەیە تەنها مەرەکەب بێ لەسەر کاغز" نەك بە ڕاستی پەیڕەو بکرێ ، بەتایبەتی لە سەدەی بیست و یەکەم دا کە بچووکترین نەتەوە لە نەتەوەکانی جیهان گەیشتوونەتە مافی چارەنووسی خۆیان و خاوەند دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیانن و ئەندامن لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان ، هەندێلو وڵاتانە ژمارەیان لە چەند هەزارێك تێپەڕ ناکا ، لە کاتێکدا ئەمرۆ نەتەوەی کورد ژمارەیان لە چل ملیون زیاترە و لە کوردستانی عیراقیش لە شەش ملیون کەمتر نییە. ئایا بۆ ئەبێ بوونی دەوڵەتێکی کوردی مافێکی ناڕەوا بێ بۆ کورد و ڕەوا بێ بۆ هەموو گەلانی دونیا؟

ئەمڕۆلە هەموو ئەو وڵاتانەی لەسەر سیستەمی دیموکراسی و فرە حیزبی ئەڕۆن بەڕێوە و یەکێ لەوانەش ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە ، پابەندن بە ئەنجامی هەر ڕیفراندۆمێك لە ولاتەکەیان بکرێ ، کەواتە ڕیفراندۆم دەسەڵاتی گۆڕینی نەك حوکومەت بەڵکو دەسەڵاتی گۆڕینی سیستەمی دەوڵتەکەشی هەیە .... لێرەدا ئەمەوێ بڵێم کە حوکومەتی ئەمریکا و سەرۆك کۆمارەکەی دەبلیو بۆش

له ئەنجامی هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانە هاتونەتە سەر حوکم ، ڕێز لە ڕای گشتی گەلی کورد ئەگرن لە کوردستانی عیراق ،وەك چۆن مل کەچن بەرامبەر ڕای گشتی گەلانی ئەمریکا .
ئەمانەی سەرەوە هەموو بۆچوونی خۆمە ، لە ئەنجامی شیکردنەوەی وەزعی سیاسی عیراق هاتۆوتە کایەوە ، عیراق لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە پیش زیاتر لە هەشتا ساڵ تا ئەمرۆ ئیستقراری بە خۆیەوە نەبینییوە و بە بێ چارەسەرکرنی کێشەی کورد لە کوردستانی عیراق دوای ڕزگاربوون و ئازادی عیراق دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری عیراق صدام حسین ، چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە وەك باسمانکرد دانبان بە سیستەمی فیدرالی کوردستان فیدرالییێکی جوگرافی کە هەموو ناوچەکانی کوردستان بگرێتەوە لە پێش هەموویانەوە پارێزگای کەرکوك ، ئەگەر نا ، ممکن نییە هێمنی و ئیستقرار بگەڕێتەوەبۆ عیراق و تیرۆریستەکان و پاشماوەکانی ڕژێمی بەعس لە هەوڵ و تەقەلای ڕووخینەری خۆیان ناکەون بۆ دووبارە هاتنەوە بۆ سەر حوکم .
لە کۆتاییدا پرسیارێك ئاراستەی هەموو سیاستمەدارێکی عیراقی ئەکەم ، ئایا تا کەی نەگەێنە بنج و بنەوانەی هۆکارەکانی شەڕو شۆڕەکانی ڕژێمەکانی یەك لە دوای یەکی عیراق و لە دوای هەموویانەوە ڕژێمی بەعس و دیکتاتۆر صدام حسین ، کێ لە پشت ئەمانەوە بوون بۆ هاتنە سەرحوکم و ئەمڕۆش کێن ئەوانە کە پاڵپشتی تیرۆرستەکان ئەکەن ؟ لە وەڵامدا ئەڵێم " وعند جهينه الخبر اليقين "

د. عبدالستار تاهر شريف
٢٠٠٥\٢\٢٢